# کوردستان لە نێوان لکاندنەوە و جیابونەوەی یەکجاری..!

(دەربارەی  کاریگەری و ئاکامەکانی راپۆرتەکەی بێکەر _ هاملتن)

(موزەفەر عەبدولا)
Mozafar_as@yahoo.com

**چەند راستی یەکی مێژوویی و بابەتی:**

– خەڵکی کوردستان لە سەرەتایی دروست بوونی دەوڵەتی عیراقەوە، لە دەیەیەی دووەمی بیستەکانی دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، بە پێی ململانی و بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری زلهێزەکانی ئەو کاتەی جیهان و بە پێی نەخشەی دابەشکردنەکانی ئەوکات ، وەک مرۆڤی هاوووڵاتی پلە دوو و بە بێ خواست و ئیرادەی خۆیان لکێنران بە عیراقی ناسیونال عەرەبی– ئیسلامی یەوە.ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشەیەکی ئاڵۆز لە عیراق و تەنانەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراستیشدا کە تا رادەیەک ئەمرۆ لە ئاستی کێشەی فەلەستیندایە.

– خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و رەوت و بزوتنەوە ئازادیخوازەکان لەگەڵ دروست بوون و سەرهەڵدانی ئەم کیشەو ململانی یە تراژیدیایەدا هەمیشە لە تیکۆشان و خەباتدا بونە بۆ کۆتایی هینان بەم کیشەو ستەمە، لە پاڵ سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی عیراق و جولانەوە ئازادیخوازەکەیاندا، بۆ بەدی هینانی سیستەمیکی سیاسی لە عیراق دا، کە تیایدا وەک مرۆڤ و هاوڵاتی یەکسان بناسرین و مامەڵە بکرین لە هەمو ئاستەکاندا، دیارە ئەمەش لە سایەی رژیمێکی سکویلارو ناقەومی و نادینی .

بەڵام خەلکی کوردستان لە پاڵ خەڵکی عیراق دا بە گشتی بەهۆی هەل و مەرجی جیهانی تا کۆتایی سەدەی بیست و باڵا دەستی بزوتنەوە قومی یەکان لە عیراق و بەهۆی پاڵ پشت و هاوکاری زلهیزەکانی جیهان بۆ ئەو بزوتنەوەو پارتە سیاسی یانە، نەیان توانی سەرەرای هەموو خەباتیک و قوربانییەکی زۆر ،بەو ئامانجە سیاسیە بگەن . بۆیە رۆژ بەرۆژ ئەم گرفتە  ئاڵۆز تر بوو تا گەیشتوە بەمرۆ.

– سەرەرای ئەوەی کە هۆکاری ئەم کیشەو ستەمە لایەنیکی زل هیزە ئەمبریالیستی یەجهانی یەکان و رژیمە قومی یە شۆڤینی یەکانی جولانەوەو حزبە قومی یە  یەک لە دوای یەکەکانی عیراقن، هاوکات لایەنەکەی تر، لە دریژە کیشانی ئەم کیشەو ستەمە ،بزوتنەوەی قومی و حزبە قومی یەکانی کوردستان بوون.چونکە هەروەک چۆن زلهیزەکانی جهان لەسەر و هەموویانەو ئەمریکا و رژیمەکانی ناوچەکەو رژیمەکانی عیراق بە پیی بەرژەوەندی خۆیان بۆنەتە هۆکاری سەرهەلدانی ئەم کیشەیەو مامەڵەیان لەگەڵ ئەم کیشەیە کردوە، ئاواش لە پاڵ ئەم ستەم و کیشەیەوە جولاَنەوەیەک بووە کە باڵی کیشاوە بەسەر ئاسۆی خەبات و نارەزایەتی بەرهەقی خەڵکەوە کە ئەویش جولانەوەی ناسیونالیزمی کورد بووە.وە لە جیاتی گرتنەبەری ریگای رزگاری یەکجاری لەم کیشەو ستەمە هەمیشە ریگای سازش و بازرگانی و دبلۆماسیەت و نهێنیکاری یان گرتۆەبەر  دور لە ئیرادەو راو خواستی خەڵک. ئەم جولاَنەوەیە هەمیشە لە روانگەو گۆشە نیگای بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی سەرمایەداری و بە رابەری ئەوان لە سەرۆک عەشیرەت و ئاغاو دەرەبەگ و شیخ و مەلای کوردستانەوە روانیویتییە ئەم کیشەو ستەمەو مامەلەی لەگەل کردووە. بە زۆری زۆرداری بۆتە رابەری جولاَنەوەی بەرهەقی خەلک و خۆی سەپاندوە بەسەریدا .بۆیە ئەم کیشەیە وەک سەرەتان ماوەتەوەو هەمیشە جەستەی خەڵکی کوردستانی خواردوە.بە مانایەکی تر بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد کە پروپاگەندەی بەرهەقی خۆی بەم کیشەو ستەمەوە دەکات بەلاَم هیچ کات بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی بەو شیوەیە نەبوە کە  دەورانیک ئەو ناوەرۆکەی هەبوو کە پروپاگەندەی دەکرد لە رزگاریخوازی.بۆیە ئەم بزوتنەوەیە هەروەک بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەب هیچ کات نە ئازادیخواز بووەو نە رزگاریخواز بوو لە بەرانبەر سیاسەت و داگیرکاری ئەمبریالیستی جهانی لەسەرو هەموویانەوە ئەمریکا.دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو راستی یە بەلگە نەویستەوە کە خودی ئەم بزوتنەوە ناسیونالیستی یانە ئەلتەرناتیفیکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی جیاواز لە سەرمایەداری ئەمبریالیتسیان نەبوە.بۆیە ئەوە سەدەیەکە چارەسەری ئەم کیشەیە بە ریگایەکی دادپەروەرانە بۆتە بەشیک لە شۆرشە سۆسیالیستی و کریکاری یەکان و ئەرکی کۆمۆنیستەکانە.

–بەلاَم لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەو هاوکیشە سیاسی و ئابوری و کۆمەلاَیەتی یە جهانی یەی دوای جەنگی جهانی یەکەم و کۆتایی سەدەی بست و سەرەتای نەوەتەکان ،و بە تایبەتی کۆتایی ململانیکانی دوو زل هیزەکەی جهان، ئەمریکاو یەکیتی سۆڤیەت، جهانیش پیی نایە قۆناغیکی ترەوە. بەم پی یە بە ریکەوت یەکیک لە بوئرەکانی ململانی تازەکان بوە عیراق و بەمەش کوردستان. لە سەرەتای

نەوەتەکانەوە هەول مەرجیکی سیاسی نوی لە کوردستان پیک هات کە فاکتەری زاتی و موزوعی کاریگەری هەبولەسەری ، کە ئەویش جۆریک لیک دابرانی کوردستان بوو لە عیراق.وەبە فعلی کوردستان تەنها بە شیوەو ناو بەشیک بوو لەعیراق.
بەلام لەگەلّ سەرهەلّدانی کۆمەلّیچ رووداوی تر، بە تایبەتی رووداوی 11 سیپتەمبەر و چر بوونەوەی ململانی تازەکان بۆ زیاتر چونە پیشەوەو بەدیهینانی نەخشەو ستراتیژە سیاسییە نوی یەکەی جهان، ئەمریکا ئیتر زیاتر پیویستی بە شەرو داگیرکاری بو.وە لەم ریگایەدا شەری ئەفغانستان و عیراقی بەری خست کە بۆە هۆی روخانی هەردوو رژیمەکە .تا ئەو جیگەیەی دەگەریتەوە بە عیراقەوە دوای داگیرکردنی عیراق و رووخانی رژیمی بەعس، ئەمریکا لە جیی رژیمە قەمی یەکەی بەعس ئەمجار رژیمیکی لەرزۆکی چەند قومی و تایەفی – ئیسلامی بە ناوی فیدرالی پاشکۆی تەواوی خۆی هینایە سەرکار بە ئومیدی بەدی هینانی نەخشەکانی .هەروەک لەم رۆژانە دوبارە لەسەر زاری بۆش و رایس لە ووتارو چاوپیکەوتنەکانیان رایان گەیاند کە عیراق دەروازەیەکی سەرەکی یە بۆ بەدی هینانی نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەراستی نۆی و سیستەمی نویی جهان.
بەلاّم ئەوەش راستی یەکی بەلّگە نەویستە کە هیچ نەخشەیەکی سیاسی ناتوانی بەدی بیت بەبی بەرهەلّستکاری و ململانی .بۆیە زۆر جار داریژەرانی ئەو نەخشەو ستراتیژی یە سیاسی یە ناچار دەبن پرگماتیانە مامەلّە بکەن و زۆر جار دەست کاری ئەو نەخشەو ستراتیژانە بکەن.
–بەم شیوەیە ئەوەش راستی یەکی بەلّگە نەویستە کە ئەمرۆ ئەمریکا بەهۆی ئەو بەرهەلّستکاریانەی _تحدیات_ بۆی هاتۆتە پیشەوەو بۆی دیتە پیشەوە چ مەوزوعی بیت لە ئاستی جهان و ناوچەکەو عیراق، چ زاتی بیت لە ئاستی ناوخۆی ، ناچار بووە چاو بخشنیتەوە بە سیاسەتە راگەیەنراوەکەی دا. وە ئەمە لەسەر زاری خودی بۆش و سەرانی تری هەردو بالّی دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکا بە کۆماریخواز و دیموکراتەوە دانی پیا نراوە. لەسەر ئەم راستی یە بەلّگە نەویستەوەیە کە هەردوو لا ناچار بوون بۆ خویندەوەیەکی نویی باروردۆخەکە لەعیراق، کە مەیدانی سەرەکی راستەخۆی ستراتیژی سیاسیانە، بین و دەستەیەک پیک بینن بۆ دراسە کردن و دارشتنی پرۆژەیەکی تر کە پەراسوە شکاوەکانیان راست بکاتەوە، لانی کەم لە عیراق دا.دیارە ئەوەش بەلّگە نەویستە کە ناچارن بۆ ئەوەی پشتیان بە تەواوی نەشکیت دەبیت ئەو پەراسوە شکاوانە یان راست بکەنەوە یان دەر بینن.بۆیە دەستەی دراسەی بیکەر–هاملّتن و تاقمەکەی یان پیک هینا، کە نوینەرانی کۆماری و دیموکراتن. یانی تا ئەو جیگەیەی ئەمریکا پشتی نەشکاوە بە تەواوی دەبیت عەمەلیاتیکی جەراحی قورس بکات .
راپۆرتی بیکەر–هاملتن و ئامۆژگاری یەکانی ،سەرەرای ئەوەی ئاکامی شکستیکی تری راستەوخۆی بۆش و ئیدارەکەی و سەرجەم دەستەی فەرمانرەوای ئەمریکایە لە عیراق دا، هاوکات ناچارن بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەم شکستە ئالّوگۆریک لە ستراتیژی سیاسیان لە عیراقدا پیک بینن .
بۆیە هەر شکست و ئالّوگۆریک لە سیاسەتدا حەتمیە ئاکام و کاریگەری خۆی دەبیت.
ئیستا دوای ئەم تیروانینە لەسەر لکاندن و لیکدابرانی چەند سالّەی کوردستان دەکریت بپرسین **ئاخۆ ئاکام و کاریگەری یەکانی ئەم راپۆرت و ئامۆژگارییانەی بیکەر_هاملتن لانی کەم لە ئاستی کوردستاندا دەبیت چی بیّت و لابردنی ئەو کاریگەری و ئاکامە سەلبی یە چی یە؟؟؟!!!!**
**سەبارەت بە راپۆرت و ئاکام و کاریگەری یەکانی:**
بیکەرو هاملّتن کە هەریەکەیان سەرۆکایەتی دەستەیەکیان دەکرد بە ناوی دەستەی دراسەکردنی عیراق ،وەک دوو نوینەری هەردوو حزبی کۆماری و دیموکرات ،دوای 8 مانگ لە خویندنەوەو گفتوگۆو چاوپیکەوتن و راویژکاری و هاتن و چون لە نیوان ئەمریکاو عیراق و ولاتانی تر بە تایبەتی دەرو دراوسی ی عیراق سەرەنجام راپۆرتەکەیان دا بە بۆش و کۆنگریس و دام و دەزگاکانی تر وهاوکات لە دەزگاکانی راگەیاندنی جهانیش بلاویان کردەوە.هەر لەگەلّ بلاّو بونەوەی ئەم راپۆرتە لە ئاستی جۆراوجۆری رەسمی و نارەسمی راو هەلّویست گرتن وەرگیرا.بە لایەنگرو دژایەتی کردن.
بەلاّم تا ئەو جیگەیەی پەیوەستە بە ناوەرۆکی راپۆرتەکەوە ئەمەش زیاتر پەیوەندی هەیە بە وەزعی سیاسی عیراق و کوردستانیش وەک بەشیک لە عیراق .وە ئەگەرچی پەلی هاویشتوە بۆ مەسەلەی دەرو دراوسی عیراق و مەسەلەی فەلەستین وەک بەشیک لە تیکەو لیکە لەگەلّ عیراق هەر بەو شیوەیەش لەم چوار چیوەیەدا فعل و رد فعلی پەیدا کردووە.کورتەی ناوەرۆکی و ریرەویک کە ئەگەری زۆری هەیە ببیتە نەخشەی سیاسی ئەمریکا ئەوەیە کە بۆ رزگار بوونی لەو قەیرانە هەمە لایەنەی ئەمریکا توشی بووە ئەوەیە کە پیویستە رژیمیکی مەرکەزی سەرکوتگەر لە عیراق بکریتە سەرکار و هەموو ئەو نەخشانەی پیشو هەر لە دەسکاری کردنی دەستور و هەریمی فیدرال و یاسای 140 و گیرانەوەی بەعسیەکان و رازی کردنی رژیمە کۆنەپەرستەکانی دەرو دراوسی لە سوریاو ئیران و سعودیە هەمویان سەرلەنوی تاو توی بکرینەوە.کە ئاکامی ئەم ئالوگۆرانەش تراژیدیای زیاترە بۆ خەلکی عیراق و بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی.

تا ئەو جیگەیەی دەگەریتەوە بەو فەرمانبەرانەی کە ئەمریکا خۆی دایناون وەک حکومەت و پالەمان و سەرۆکایەتی عیراق بۆ بەریوە بردنی نەخشە سیاسی یەکانی کاریگەری خۆی داناوەو هەر یەکسەر کەوتنە خۆ، لە پیک هینانی هاوپەیمانی تازەو هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانی و بەرەی کۆن .وە هەمو ئەم فەرمانبەرە بەکری گیراوانەی ئەمریکا بە گۆشت و ئیسکەوە هەست دەکەن کە گیژاوی ئەم راپۆرتە کە ئاکامی شکستی سیاسەتی بۆشە ئەمانیش دەگریتەوەو لولیان دەدات . ئیتر نازانن ئاخۆ هەریەک لەمانە دوای پراکتیزە کردنی ئەم راپۆرتەو بەریخستنی  گیژاوەکە خۆیان بە چ پوشیکەوە دەگرنەوە.وە لەم بارەیەوە تەسریحاتە  شەرمنۆکەکانی سەرانی ئەم دەستەو دائیرەیە هەر لە تالەبانی ، ال الحیکم ن مالکی و دەستەو تاقمە قومی و ئیسلامی کۆنەپەرستەکانی ناو حکومەتە کارتۆنی یەکەیان تا دەگاتە حزبی شیوعی عیراقی، هەتا نەیارەکانیان لە بەعسی روخاوەوە تا سەرانی قاعیدەو هاوشیوەکانی لە گروپە تیرۆریستە ئیسلامی یەکان...و تا دەگاتە رژیمەکانی ناوچەکە.

تا ئەو جیگەیەش دەگەریتەوە بە کوردستان ودەسەلاّتدارانی سیاسی و حزبە سیاسی قومی و دینی یەکانەوە کاریگەری لەسەر هەمو لایەکیان داناوەو کەوتونە رادەربرین و هەڵویست گیری.

بەلاّم لە نیو هەموو ئەو رادەربرین و هەڵۆیست گیری یانە بەهۆی کاریگەری ئەو راپۆرتەوە کە ئاکامی نەخوازراو دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لە خۆ دەگریت دەبیت راو هەڵویست گیری دەسەلاّتدارانی کوردستان و ئەو هەڵویست گیریانە بە جدی وەرگیریت کە بە سەلبی و ئیجابی سایە دەکاتە سەر چارەنوسی خەڵک.

لەم بارەیەوە تا ئەو جیگەیەی دەگەریتەوە بە بۆچون و راو هەڵویست گیری هەردوو حزبی دەسەلاّتدارەوە یانی، پدک و ینک، کە چ ئەمروو چ چەندین ساڵە چارەنوسی خەڵکی کوردستان لە دەست ئەمان قۆرغ بووە دەبیت بە جدی حیسابی لەسەر بکریت.

چونکە هەڵویستی ئەمانە بە هەمان شیوە لە چوارچیوەی ئەو سیاسەتانەیە کە دەیان ساڵە خەریکی خۆ سازانن لەگەلّ هەموو ئەو رژیم و سیاسەتانەی کە کیشەی کوردستان تەنها لە چوارچیوەی بەرژەوەندی یەکانی خۆیان دەبین و بەس.

خویندنەوەیەکی سەرپیی تەسرحاتەکانی بارزانی، بە وینەی سەرۆکی هەریمی کوردستان ،و هەولّ و تەقەلای نەزۆکانەیان لە لایەک بۆ پراکیتزە نەکردنی ناوەرۆکی ئەم راپۆرتە لە لایەن بۆش ئیدارەکەیەوەو لە لایەکی تر بۆ بەلاری دا بردنی نارەزایەتی یە بەرهەقەکانی خەڵک لە بەرانبەر ئەم راپۆرتەو سەرجەم سیاسەتی ئەمریکا و هاوکات هەوڵدان بۆ شاردنەوەی شکستی ئەمریکا و بەمەش شکستی خۆیان هەمو ئەمانە ناوەرۆکی ئەو هەڵویست و راگەیاندنانەن کە لە لایەن دەسەلاّتدارانی کوردستانەوە بە ئاشکرا بەدی دەکریت.دیارە لە پالّ ئەم راگەیاندنە رەسمی یە سیاسی یانەی ئەمانە پیّریک لە رۆشنفکرانی قەڵەم بەدەست لە ناوەوەو دەرەوە ئەم حزبانەو و سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی هەن کە پیّیان وایە ئەمجارەش  ئەمریکا  خیانەتی لییان کردو پشتی لە بزوتنەوەکەیان کردوە. گلەیی و گازەندەی ئەوە لە ئەمریکاو سەرانی کورد دەکەن کە نابوایە پەیوەندی نیوان سەرکردایەتی سیاسی کوردو ئەمریکا دیلۆماسی تەلفۆنی بیت و دەبوایە شتی رەسمی و نوسراو بوایە لە چوارچیوەی پەیمانی نیو دەوڵەتی و رەسمیات بوایە.وەک ئەوەی ئەمریکا و سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوەندە پابەند بن بە پەیمان و بەڵگەنامەو وەسائقی رەسمی یەوە.

سەیر لەوەدایە کە لە راگەیاندنی ئەم حزبانەو قەڵەم بەدەستە موچە خۆرەکانیان تەنها گلەییان لە چەند بەندیکی ئەو راپۆرت و ئامۆژگاریانەیە.لە کاتیکدا ئەو بەندانەش بەشیکن لە سەرجەم نەخشەیەکی نوی و خودی راپۆرتەکەش زنجیرەیەکە لە ستراتیژی سیاسی  ئەمریکا کە ئەمرۆ ئەم راپۆرتە نیشانی دەدات کە چۆن بەرەو شکست دەچیت.

بەلاّم پارتی و یەکیتی باش دەزانن کە ئەگەر دەسەلاّتیک بە قەرز وەرگیریت ئاواش دەبیت ئەو قەرزە بدریتەوە.چونکە ئەمە قەرزی ئەمریکایە لایانە هەر بۆیە ناچارن ئەمریکا چی بلّیت ئاوا بکەن.

ئاسۆی سیاسی تاریکی ئەمانە نەک هەر ئەمرۆ بەڵکو هەر لە سەرەتای نەوەتەکانەوە لیلّ بوو بۆیە هەر شکستیکی سیاسی ئەمریکا بی گومان شکستی ئەمانیشە.

بەلاّم گرفتەکە لەوەدایە کە هەمیشە قوربانی شکستی ئەمانە خەڵکی بی تاوانی کوردستانە.هەروەک چۆن شەرو شکستی ئەمریکا باجەکەی هەمیشە خەڵکی ئازادیخوازی ئەمریکا دەیدەن.

پانزە ساڵە خەڵکی ئازادیخوازو کۆمۆنیستەکان لە پیشەوەیان حزبی کۆمۆنیستی کریکاری پیش بینی ئەمرۆژەی دەکردو لە زمانی رابەرانی ئەم حزبەوە دەیان بەیان و چاوپیکەوتن کراوە سەبارەت بە ئاکامە کارەسات بارەکانی ئەورۆژی کە ئەمریکا شکست دەخواو ئەم بنەو بارگەیەی کە ئەم حزبانەی کردوە بە پاسەوان دەی پیچیتەوە.رۆژیکی چاوەروان کراو بوو.بۆیە ئیستا ئیتر خەڵکی کوردستان لەسەر دوو رییانی  لکانەوەی یەکجاری و جیابونەوەی یەکجاری دان .

هەڵبەت ئیرادەی خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەو حزب و کەسایەتی یە سیاسی و رۆشنبیرە ئازادیخوازو رادکالەکان دەتوانیّ کاریگەری جدیان هەبیت لەسەر یەک لا کردنەوەی ئەم دوو رییانە بە قازانجی خەڵکی و کۆتایی هینان بەم ستەمە سیاسی یەی کە دەیان ساڵە لەسەر ئەم خەڵکەیە.چونکە تا ئەو جیگەیە دەگەرتیەوە بەم دوو حزبە قومی یەو هاوپەیمانەکانیان لەسەر و هەمویانە

ئەمریکا ئەوان هەرگیز بەرژەوەندیان لەوەدا نی یە کە خەڵک بریار لەسەر چارەنوسی خۆی بدات .شکستی سیاسەتی ئەمریکاو بەمەش گۆرینی ستراتیژی سیاسی لە عیراق دا مەسەلەیەکی بی گۆمانە. بەمەش ،دووبارەو بە تەواوی لکاندنەوەی یەکجاری کوردستان بە عیراقیکەوە کە رژیمیکی قومی_ ئیسلامی سەرکوتگەر تیایدا لە دەسەلآت بیت ئەمریکی حەتمیە لە سایەی ناوەرۆک و ریرەوی ئەم راپۆرتە و ئامۆژگاری یەکانی بیکەر هاملتن.

بەلآم ئەوەی دەتوانیٚ ئەو حەتمیەتە ناهیلچی تەنها ئیرادەو یەکگرتویی خەڵکی کوردستانە بە پاڵپشتی هیزە ئازادیخوازەکانی جهان، ئەویش بە گرتنە بەری ریگایەکی تر بۆ چارەسەری ئەم کیشەیەو کۆتایی هینان بەم ستەمە .دیارە ئەو ریگایەش تەنها بەرزکردنەوەی خواستی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانە .ئەمە 10 ساڵە کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق پیشنیاری کردەوە کارو خەباتی بۆ کردوە . ئیستا ئەوانن ئەمریکاو هاویەمانەکانیان، ناچارن ریٚگای دوبارە لکاندنەوەی تەواو بگرنە بەر ،ئیمەش پیویستە ریگای لیک جیابونەوەی یەکجاری بگرینە بەر.

**دیسەمبەری 2006**